# له ستونه‌كانی میدیاوه...

هه‌ڵبژاردنی له سویدییه‌وه: شـــێرزاد هه‌ینی
heinisherzad@hotmail.com

**ژنان له په‌رله‌مانی سویدی ریكۆرد ده‌شكێنن. . !!**

**به‌پێی ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌ی دوایی له ولاتی سویدا، ژماره‌ی ژنانی ئه‌ندامی په‌رله‌مان ریكۆردیان شكاند، ژماره‌یان له په‌رله‌مانا به‌ره‌و به‌رزترین ژماره رۆیشت، وا پێده‌چێت له‌م خوله‌ی په‌رله‌مانی سویدا ژماره‌ی په‌رله‌مانتاری ژن بگاته ١٦٣ په‌رله‌مانتار، له خولی رابردوودا ژماره‌یان ١٤٩ په‌رله‌مانتاری ژن بوو. وادیاره له‌م خوله‌دا ٤٧ په‌رله‌مانتاری ژن زیادی كردووه‌و ئه‌وه‌ش شكاندنی ریكۆرده. . !!**

**به‌و ژماره‌یه نزیكه‌ی نیوه‌ی په‌رله‌مانی سوید ده‌بێته ژن، له‌و ژماره‌یه‌دا له‌وانه ١٢٠ په‌رله‌مانتار یه‌كه‌م جاره دێنه په‌رله‌مان و ده‌بنه په‌رله‌مانتار، ئه‌وانه‌ش رێژه‌ی ته‌مه‌نیان ٤٢ ساڵه.**

**ئه‌گه‌ر له ژماره‌ی ژنانی حزبه‌كانی ناو په‌رله‌مانی سویدا وردبینه‌وه وامان بۆ ده‌رده‌كه‌وێت:**

**<u>حزبی ژینگه‌ی سه‌وزی سویدی له ١٧ په‌رله‌مانتار ١٢ ژنن.</u>**

**<u>حزبی چه‌پی سویدیش نیوه به نیوه‌ی ژنه.</u>**

**<u>حزبی گه‌لی لیبرالیش رێژه‌كه‌ی ٤٨٪ ژنن.</u>**

**<u>حزبی سوشیال دیمكراتیش رێژه‌ی ژنانیان ٤٧٪ یه.</u>**

**<u>حزبی پارێزگارانی راستره‌ویش له ٤٢ په‌رله‌مانتار ٣٠ په‌رله‌مانتاریان ژنه.</u>**

**<u>له‌هه‌موو حزبه‌كان كه‌متر، حزبی مه‌سیحی دیمكراته كه‌وا رێژه‌ی ژنانیان ٣٣٪یه.</u>**

**دیاره ئه‌م ژماره زۆره‌ی ژنان له په‌رله‌مانی داهاتووی سویدا پرسیارو داوای ژنان زۆرترو سه‌قامگیرتر ده‌بێت.**

www.kurdistannet.org